نووسینی د . زاهیر سوران
050505 ستۆکهۆڵم

# پیتێنی نێو شووشه !

پیتێنی نێوشووشه ، بریتییه لەوکرداری پیتێنه دەستکردەی له دەرەوەی لەشدا ئەنجام دەدرێت .
منداڵنەبوون یەکێکه لەو گیروگرفتانەی که دووچاری هەندێك خێزان دەبێت و لەوانەیه ببێته هۆی درامایەکی نێوخێزان . زۆرجاران ژن و پیاو بەهۆی سۆزی ناسکیانەوه یەکتری تاوانبار دەکەن که ئەوی تریان هۆی ئەو منداڵ نەبوونەیه . زۆرجاران بۆ ئەوەی خێزانێك منداڵێکی ببێت پەنا بۆ چەندین ڕێگای زانستی و نازانستی دەبەن و زۆرجاریش خەرجییەکی زۆر لەدەست دەدرێت و بیٚ ئەوەی ئامانجەکه بێته دی .
منداڵنەبوون تەنیا گیروگرفتی کۆمەڵگای کوردەواری نییه و بگره له هەموودنیادا دیاردەکه کەم یان زۆره ، بۆنمونه له سوێددا نزیکەی نیوملیۆن مرۆ منداڵیان نییه  و نزیکەی له 10–15٪ یان به ناچاری هانا بۆ پزیشك دەبەن  و یەکێك لەو ڕێگا سەرکەوتووانەش بریتییه له پیتێن له نێوشووشەدا .

### کەی ئەم ڕێگایه دەگیرێتەبەر :

ئەوی ڕاستی بێت ئەم ڕێگایه له زۆربەی زۆری نەخۆشخانەکانی منداڵبوونی وڵاته پێشکەوتووەکاندا ئەنجام دەدرێت ، تەنانەت ژمارەیەك خێزانی کوردی دانیشتووی ئەوروپاش بەم ڕێگایه منداڵیان بووه و ئەمڕۆش خۆشبەختانه ژیان بەسەردەبەن . پاش چەند هەولێکی بیٚ ئەنجام و لێکۆڵینەوه له تێستەکانی هۆرمۆنی ژن و مێرددا ئەوسا پزیشك هەردووکیان ئاگاداردەکات که ئایا به پیتێنی نێو شووشه دەتوانن منداڵ دروست بکەن یان نا ؟

### گرنگترین بنەماکانی لێکۆڵینەوەکانی منداڵنەبوون:

- ئەو نەخۆشییانه چین که پێشتر تووشی ژن ومێرد بوون ، نەشتەرگەریەکان ...تاد.
- تێستکردنی هۆرمۆنی نێوخوێن .
- تێستکردنی ڕێژەی سپێرم .
- سۆنەرکردنی منداڵدان و هێلکەدان و کەناڵەکانی هێلکەدان .
- کۆنترۆڵکردنی هێلکەدانەکان .
- تێستی کلامیدیا (هۆیەکی گەورەی نەزۆکییه) .
- پێویسته ژن و پیاو تێستی ڤایرۆسیHIV و زەردوویی یان بۆ بکرێت .
- ئەنجامدان و لێکۆڵینەوەی ئەو تێستانەی سەرەوه دەبێته هۆی ئەوەی دووبارەکردنەوەی تێستەکان ، تێستی تەواکەری دی ئەنجام بدرێت یان دەست بکرێت به چارەسەرکردن .
- لەوانەیه پێویست بکات دووربینه نەشتەرگەری Laprascopy بۆ ژنەکه بکرێت .

### گرنگترین قۆناخەکانی ئەم جۆره پیتێنه :

سەرەتا به هۆی دەرمانەوه (هۆرمۆنی LH, FSH ) هێلکەدانەکانی ژن دەهەژێنرێت تا ئەو کیسه پڕ شلانەی نێو هێلکەدانەکان (folicol) که یەك هێلکەخانەی تیادایه گەورەدەبن .

لەم چارەسەرکردنەدا تەنیا مەبەست لە ژمارەی هێلکەکان نییە، لەمان گرنگتر جۆری کیسە هێلکەکانی ئەو هێلکەخانانەن کە پاشتر بە میکرونەشتەرگەری دەردەهێنرێت .

بەلایەنی کەمەوە ماوەی چارەسەرکردن (هەژاندنی هۆرمۆنی)، 10 رۆژان دەخایەنێت و پاشتر بە سۆنەر کیسە هێلکەکان دەپشکنرێن بۆئەوەی بزانین ئایا تەواو گەورەبوون یان نا ؟؟ پاشان لەبارترین رۆژ بۆ دەرهێنانی دیاری دەکرێت . دوو رۆژان پێش هێلکە دەرهێنان، ئێوارەیەك، دەرزییەکی **hCG** دەدرێت لە ژنەکە تا گەیوی کیسە هێلکەکان کۆتاییان پێ بهێنرێت .پێویستە لە 39–40 کاژێردا پاش دەرزی ناوبراو هێلکەیەك دەربهێنرێت .

– هەمان رۆژ بە گەدەی ناشتا، ژنەکە دەچێتە نەخۆشخانە بۆ کۆکردنەوەی هێلکە ، لەم رۆژەدا هێلکە و سپێرمی پیاو وەردەگیرێت تا پیتێنی دەرەوەی منداڵدان ئەنجام بدرێت ، هاوکات زۆربەی ژنان زۆر نائارامن و لە ژێر پەستانێکی بیرکردنەوەی دەروونیدان ، لەبەرئەوە پێویستە بە (دەرمان ، گفتووگۆ) ئارام بکرێتەوە . کاتێکی زۆرکەم پێش هێلکە دەرهێنانەکە پزیشك منداڵدانی ژنەکە بە دەرزییەك سڕ دەکات (پێویستە ئازارشکێنێکی باش بەکاربهێنرێت) لە هەندێك کلینیکدا هەردوو هێورکەرەوە و ئازارشکێن تێکەڵ دەکرێت و دەدرێت لە ژنەکە . پاشتر بە یارمەتی سۆنەرێك لە گولینکەوە بە دەرزییەکی زۆر باریك هێلکەدانێك دەپێکرێت و لەویوەوە هەندێك هێلکە دەردەهێنرێت (دەمژرێت)، بۆ ئەوەی بخرێتە ژێرمیکرۆسکۆپەوەو بە وردی سەیری بکرێت . گەر راستەوخۆ هێلکەخانە نەدۆزرایەوە ئەوا دەبێت کیسە هێلکەیەك دەربهێنرێت و بشۆردرێتەوە بۆ ئەوەی هێلکەخانەی ناوەوە بدۆزرێتەوە . کاتێك هێلکەخانە دۆزرایەوە ئەوسا دەخرێتە نێو شووشەیەکی گچکەی شێوە قاپەوە و دەخرێتە نێو گەرم کەرەوەیەك (incubator) . هەر هەمان رۆژ بەڵام لە لایەکی ترەوە تۆماوی پیاوەکەش وەردەگیرێت ، سپێرمەکە دەشۆردرێتەوە و ئامادەدەکرێت ، باشترین سپێرم هەڵدەبژێرین تا لە گەڵ هێلکەخانە ئامادەکراوەکەدا بپیتێنرێن .

– گەر توانای هێلکە پیتاندن کەم بوو ئەوا دەتوانین شرنقەیەکی پڕتۆماو لە هێلکەکە بدەین واتە تەکنیکی میکرۆشرینقە (intracytoplasmatic spermie injection-ICSI) . کاتێك ئەم جۆرە تەکنیکە دەخرێتە کار کە سپێرمی پیاوەکە خراپ بجولێتەوە و نەتوانێت خۆی بترنجێنێتە نێو تویکڵی هێلکەخانەوە . بە یارمەتی مژەرێکی (Pippet) ی زۆرباریکەوە سپێرمێك دەمژرێت و دەکرێتە نێو هێلکەخانەکەوە . ئەوی راستی بێت ئەم تەکنیکە لە تاقیگایەکی تایبەتی دا دەکرێت کە هەمان رۆژ هێلکە کۆکردنەوەی تیادا ئەنجام دەدرێت .

– رۆژێك پاش کۆکردنەوەی هێلکەکە ، پزیشك دەزانێت ئایا هێلکەکە پیتاوە یان نا ؟ ئەگەر هێلکەکە پیتابوو ئەوا دەتوانرێت هێلکە پیتاوەکە بچێنرێت و پاشتر یەك یان دوو ئاولەمە (embryon) بەرهەم بهێنرێت . گەر ژمارەیەك ئاولەمە هەبێت بەمەرجێك بۆ بەکارهێنان بشێت ئەوا ئەوانە لە بەفرگردا دەبەسترێن و پاشتر لەکاتی پێویستدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت . بۆریەکی نایلۆنێکی زۆرباریك دەکرێتە نێو ملی منداڵدان (پزدان) ەوە و ئەو هێلکە پیتێنراوانەی پیادادەکرێتە نێوپزدانەوە . ئەم کارە بێ ئازارە و تەنیا چەند خولەکێك دەخایەنێت پاشتر ژنەکە دەتوانێت بڕواتەوە بۆماڵەوە .

ئەوی راستی بێت ئەو هۆیانەی کە ناهێڵێت پیاو منداڵی ببێت لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە .

لەوانەیە رێژەی تۆماوی دروستکراوی پیاو تەواو بێت بەڵام لە نێوان گونەکان و کەناڵی سپێرمدا رێگر هەبێت و نەهێڵێت تا سپێرمەکە بێتە دەرەوە .
لەوانەیە هۆی تریش وەک : دەمارێك یان پتکەدەمار زیانی پێگەیشتبێت هەبێت ، یان پێشوەخت تووشی هەوکردن (سۆ) یان تووشی گیروگرفتێك بووبێت کە لە دایکبوونەوە لە گەڵیدابێت .
گەر پیاو سپێرمی نەیەتە دەرەوە ئەوا پاش سڕکردن بە هۆی نەشتەرگەییەکەوە لە رێگای دەرزییەکەوە و لە گونەکانەوە یان گلاندی سەرگونەکانەوە سپێرم دەردەهێنرێت (دەمژرێت) رێژەیەکی پێویست لە سپێرم دەست دەکەوێت .
هەرکاتێك تێستی سکپڕی بۆ ژن کراو پۆزەتیف بوو ئەوا پێویستە 18 رۆژان پاش ئەو تێستە بە سۆنەر دەستنیشانی سکپڕییەکە دەکرێت و هاوکات دەرزی یان خەپلەی هۆرمۆن دەدرێت بە دووگیان تا زێدەتر پشتگیری سکپڕیەکە بکات .
پاش ئەم کارانە ئەوسا پزیشکی پسپۆر هەردووکیان ئاگاداردەکاتەوە کە لە کاتی دیاریکرا و پێویستدا سەردانی پزیشك و نەخۆشخانەی منداڵبوون بکەن .

## سەرنج

لە ناوەراستی مانگی یونیۆی 2005 دا و لە کۆنفرانسێك دا لە کۆپنهاگن ، توێژیارانی ئیسرائیلی ئاماژەیان بەو راستییە کرد بۆ ئەوەی ژنێك بە هۆی ئەم رێگایەوە منداڵی ببێت رۆژ نە رۆژێك پەیوەندی زایەندی لە گەڵ هاوسەرەکەیدا هەبێت زۆر باشترە وەك لەوەی پێشووتر دەگۆترا هەفتەی جارێك ، چونکە زوو زوو زایەندکردن دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سوپەر سپێرم .

## کورتکراوەکان

(hCG, Human Chorionic Gonadotropin).
(LH, Luteiniseringes Hormon).
(ICSI, Intracytoplasmatic spermieinjection).
(FSH, follicl estimulerant hormon)

## سەرچاوەکان


1. Ofrivillig barnlöshet, en skrift om orsaker och behandling. Organon AB .Sverige.
2. Claes Gottlieb, Bo Von Schoultz. Öppenvårds gynekologi. Liber. Sverige. 1999.
3. Folks rapport, Assisterad befruktning. Medicinskt program arbete. SLL.2003.